چیرۆک



سەبا ئەحمەد

# شەونامەکانی عەشق زادەیەک



لەگەڵ کردنەوەی پەنجەرەکەدا هەوایەکی تیژتر لەدەمە گوێزان خۆی بەڕوخسارمدا کێشا، ئەم زوقمە خەڵکی زۆر هەراسان کردووە. بەڵام نازانم بۆچی هەرگیز لەو سەرمایە بێزار نابم و هەرگیز بیر لە بەهاری سیحراوی ناکەمەوە..؟ ئەم شارە سەد هێندەی تر گڵۆپ بەدار تێلەکانییەوە هەڵواسێت هێندەی رووناکی مۆمێک رووناکی ناکاتەوە.. کاتێک کە تاریکیم ئەدی لەگەڵ سەرما و گەلا و حەسرەتێکی ناهومێدانەی ئەم شارەدا خۆیان دەکەن بەژووردا ئیدی دەکەوتمە سەر نووسینی شەونامەکان. زۆر سەیرم پێ دەهات ئەمە چەندین ساڵە تا بەرەبەیان

من دادەنیشم دەنووسم هەر بەو شەوەش کۆڵان بەکۆڵان بەشاردا بڵاویان دەکەمەوە، بەدیواری شەقامەکاندا هەڵیان دەواسم ..تا هەنوکەش گوێم لە کەسێک نەبوو تەنها بەئاماژەیەکیش باسیان بکات . کە چێشتنگاویشم لێ دێ بۆ ئاگاداربوونیشم لە شەونامەکان کۆڵان بەکۆڵانی شار تەی دەکەم. سەیرە هەروەک خۆیان بەدیواری شەقامەکانەوە هەڵواسراون لە کۆڵانەکانیشدا پەرش و بڵاون ..کەچی جێی چاوێک یان پەنجەیەکیان لەسەر نییە کە خوێنرابنەوە. لەم بازاڕە جەنجاڵەدا زۆر کەسم ئەدی، ئەو پیاوانەم ئەدی، کە تەزبیحەکەی دەستیان پڕبوو لە زریکەی ژن وئەو پیاوانەی قاچیان بۆنی شەقی ژنەکانیانی لێ دەهات، ئەو کوڕانەم ئەدی چاویان پڕبوو لە فێڵ و لێویان زەردەخەنەیەکی درۆزنی لەسەر بوو بۆ خۆشەویستەکانیان. ئەو برایانەم ئەدی کەخەنجەرەکانیان بۆنی خوێنی بێگوناهی خوشکەکانیانی پێوە بوو. ئەو پیاوانەشم ئەدی کە سمێڵ و ریشیان و لوولەی چەکەکانیان دووکەڵی ژن وخوشک وکچ کوشتنی لێ هەڵئەستا . ئەمدین بێ گوێدانە ئەو پەڕە رەنگاوڕەنگانەی کە رژاونەتە سەر شەقامەکان بەحەسرەتەوە چاو لە رێی رێبوارێکن تنۆکێ هەست وسۆزی تیا مابێ چاوێک بەو زریکانەدا بخشێنێت هەنگاویان هەڵئەهێنا و قاچیان بەچاوی شەونامەکاندا ئەنا . بەچاوی خۆم دیم مامۆستایەکی لاو لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا دەستی لە لوتیا دەرهێنا و سڕی بە شەونامەکانی دیوارەکەدا . پیاوێکی ترم دی تۆزی قۆنەرەکانی بەشەونامەیەکی ناو کۆڵانێک سڕی. ژنە عابا بەسەرەکانیشم ئەدی وەک کێلێکی رەشپۆشی غەریب وەک قەڵەڕەشەیەکی غەمبار بەشەقامەکاندا گوزەریان دەکرد . لە سیمای هەریەکیاندا هەزاران چیرۆکی دۆڕانی تەمەنێکی بێمروەتت ئەخوێندەوە. ئەو ژنەم ئەدی کە دوکان بەدوکان ومال بەماڵ بۆ دینارێک یا بۆ پەرداخێک شەکر دەگەڕا تا ریگە لە کوڕە تاقانەکەی بگرێت نەبێتە چەکدار و سوک و ئاسان ناوی لە بووندا بسڕێتەوە بەویش بوترێت وەجاخ کوێر .ئەو ژنەم دی شەونامەیەکی هەڵگرت وداوای لە پاقلەفرۆشێک کرد کەوچکێک پاقلەی بەخێر بکاتە سەر شەونامەکە. شەونامەکان ژیانی منیان بەجۆرێک گۆڕی کە هەرگیز لەو کچانەی کۆڵانم نەدەکرد، چونکە هەرخۆم دەمنووسین و هەر خۆشم دەمخوێندنەوە. شەوانەم بەدیار شەونامەکانەوە رۆژ دەکردەوە. رۆژیش بەشوێنیاندا وێڵ بووم. من هیچ کچێکی دیکەم نەدەناسی وەک من نەگبەت و وەک من ئازاد . گەر مرۆڤ نەگبەت نەبێ چیی داوە لە ئازادی؟ چیی داوە لە خەمی گەڕەک؟ من هێندە شەوانە لەپاڵ دیواری ماڵە دراوسێ وگوێسەبانە و کەلاوەکاندا گوێم لێ دەگرتن تا بوومە ئاشنای ئەو هەموو خەمی گەڕەک و هۆگریان بووم. نەشم دەتوانی خۆمیان لێ بدزمەوە بۆ خۆم قوتاربم. رەنگە هۆی ئەوە بووبێت. من هەگیز نازانم کچی چ بوونەوەرێکم وا خولقاوم. هەندێ لە خەڵکی گەڕەک دەیانگوت: لەم کەلاوەیەدا سەگێک ترەکیوە و

کۆمەڵێک بێچوی بووە. شەوێک لەشەوە ساردەکانی زستان منداڵێکیان بەپەتۆیەکەوە فڕێ داوەتە ناو بێچووە سەگەکان. خەڵکانی گەڕەک گوێیان لە گریانی ئەو ساوایە بووە لەو شەوەدا بەڵام بەڕۆژ هاتوونەتە کەلاوەکەوە کە دیویانە منداڵێکی فڕێدراوی دان پیانەنراوە کەس نەیتوانیوە خۆی بکاتە خاوەنی. منداڵێک با نەوەی مرۆڤیش بێ گرینگ ئەوەیە دان پیانەنراو و بێناسنامەیە، بەڵام سەگەکە لەگەڵ بێچووەکانی خۆیدا بەخێوی کردووە. من بڕوام بەتەواوی بەم چیرۆکە نەبوو بەڵام زۆرجاریش ئەکەوتمە گومانەوە چونکە هەستی بۆنکردنم و وەفام لە مرۆڤەکانی کە زیاتر بوو وەک هەستی سەگێک. من خۆم دەمزانی ئەو بەسەرهاتە رەنگە درۆیەکی رووت بێت. چونکە بەوەندەی بیرم بێت وەک زستان تەنها و وەک رەشەبا ئازاد بووم، کەچی زۆر جار تارمایی ئەو ژنەم  دێتە بەرچاو کە سەرتاتای لە عابا و پەچەی رەش هەڵکێشا بوو تەنها تروسکەی چاوەکانیم ئەدی، ئەهات و لەگەڵ خۆی دنیایەک شیرینی نوقڵ ومەساسەی بۆ ئەهێنام. توند ئەیگوشیم بەخۆیەوە ئەیگوت حەز ئەکەم جارێکی کە بتخەمە رۆحم ئەم جار بەئازادی و بەبێ ترس دان بەبوونتا بنێم . کچم بیرت نەچێ ئەو چاوانەت میراتی خۆمە و ئازادییەکەشت میراتی باوکتە، حەز ئەکەم کە مردیشم گۆڕەکەم بەبۆن بدۆزیتەوە. چاوەکانیشم دوو نێرگسی هەر چوار وەرزەبن لەسەر گۆڕەکەم. تا لەوێ بەئازادی بەبێ ترس بەئازادانە بەدەنگی بەرز بۆم بدوێی بۆم بگری دان بەدایکایەتیما بنێت. کچم کچانی ئەم شارە لە تۆ خۆشتر ناژین لە تۆ باشتر نین و وەک تۆ تامی ئازادی ناچێژن. کچم تۆ جیاوازترین کچی کە شتێکت هەیە هیچ کچێکی کە نییەتی ئەویش ئازادییە، ئەو ئازادییەی کە چاونەترسیەکانی دایکت بۆی دروست کردی. کە ئێستا گەورە بووم راستی ئەو وتانەم بۆ دەرکەوت کە بۆنی ناخۆشی ئەم شارەم بیست زیاتر ئاشنای ئەو هەموو زوڵمە ناخۆشە بووم .بۆیە ئێستا مەراقمە دەبێ گوێ لە هەموو ماڵەکان رادێرم هەموو فرمێسکەکان بخوێنمەوە بەخەونی چاوی کچانی گەڕەک یەک بەیەک ئاشنا بم. دەمزانی خەڵکانی گەڕەک هیچ کام لەوان بەچاوی باشەوە سەیری من ناکەن یا بەچاوی سووک یا بەدڵێکی پڕ بەزەییەوە سەیرم ئەکەن. کەچی من ئەوانم وەک مرۆڤ ئەدی . ئەمە بوو جیاوازیی من لە ئەوان و ئەوان لە من. شەوانای شەو گوێم بۆ نوزە و لالانەوەکانی ئەو کچە رائەگرت کە دایکی جارێکی کە شەڕی بێ پارەیی و گیرفانە خاڵییەکەی بەو ئەفرۆشت ئەویش شەڕی دۆڕانەکانی خۆی لە عەشقدا بەو ئەفرۆشت. ئەو دوو خەونەی جارێکی کە نایەنەدی. یاخەمی ئەو کچانەی کە باوکیان و براکانیان لە عەشقێن و دڵداریەکانی لاوییان کردن  وەنوکەش بەقەیرەییاندا تانوت هەڵئەدەن. یاخەمی ئەو ژنەی کە مێردەکەی نەیدەزانی بەچاوی سۆز یا بەدڵی پڕ میهرەوە لەگەڵی بژی و ڕێی ماڵە باوانیشی بەهۆی عاشقە زۆرەکانی و لە ترسی دایکی

لێ حــەرام بوو. یا ئـەو کـچــانەی دەخــەوتن بەئومــێـدی ئـەوەی ســبــەی بەیانـی نامــەیـەک یا ئیشـارەتێکیان لە کورە لاوەکانی گەڕەکەوە پێ بگا . کە ئەم هەموو سکالایانەم گوێ لێ دەبوو ئیدی بێ ئیرادە یا دەگریام یا دەمنووسی جاری وا هەبوو لە قیژە و هاوارەکانم هەموو گەڕەک بێدار دەبوونەوە کەچی کەس نەیدەپرسی بۆ ..؟! وەک من هۆکاری شکستییەکانی گەڕەک بم. تەنها جارێک ئەو منداڵە بێ دایکەشم دی هات بەدەم قیژە و هاوارەکانمەوە وتی: من دەزانم تۆ بۆ کچانی ئەم گەڕەکە دەکڕوزێیتەوە. زۆر جار بەدەم وڕێنەکانتەوە قسەت کردوون بەلام خەڵکانی ئەم گەڕەکە هیچ ناڵە و هاوارێک سنووری حەوشەکانیان نابڕێ. نەک وڕێنە. بەڕاستی تۆ لە پێغەمبەرێکی بەدبەخت ئەچی کەس گوێ لە قسەکانت ناگرێ وکەسیش شەونامەکانت ناخوێنێتەوە. ئیدی بێ سودە واز لەم ماندووبونە بێ ئەنجامە بێنە دەبێ تێ بگەم ئەمە جگە لە ئیشی ئەهریمەن ئیشی کەسێکی کە نییە. ئەهریمەن هەر ئەهریمەنە گەر لە شێوەی منداڵێکی بێگەرد و بێگوناهیشدا بێ ئەگەر تاکە کەسێکیش بێت گوێی لە گریانەکانم بێ و هەست بە وڕێنە یاساغەکانم بکات. چەند ئەستەمە کاتێک لەنێو ئەم هەموو دڵدانەوە و دەست بەسەرا هێنانەدا. هەست بە پەنجە ساردەکانی شەیتان بکەی و بۆنی پیسی هالاوی قسەکانی کە لە بۆخنکی شێی زستان دەچێ ببیستی. وتەکانی ساردت نەکاتەوە چەند ئەستەمە.! مەگەر ئەو ساتەی کە هێندە ئازایانە بیر بکەیتەوە تا ماندوونەناسانە هیوایەک هەنگاوت پێ هەڵێنێ. منیش ئەو ئازایەتییەم لە دایکمەوە بۆ بەجێماوە من تاکە یادگاری عەشقێکی ناکامی دایکم بووم. دایکم سەرەڕای ئەو هەموو منداڵە کۆیلانەی هەیەتی بە تاقە گوڵەکەی یادگار بانگی دەکردم، دایکم دەیگوت تۆ ناوت ناوی شیعرێکی تەواونەکراوی باوکتە کە بەر لە تەواوکردنی هۆنراوەکەی قەدەری بە بنبەست گەیشت منیش بۆیە ئازادیم بۆ تۆ هەڵبژارد تا هۆنراوەکەی بۆ تەواو کەی. هۆنراوەیەکی نەرم وەک چاوەکانی و لەسەرخۆ وەک دەنگی. دایکم ئەیووت: ئەگەر ئەو هۆنراوەیە تەواوکەی چیتر پایز بێ باران نابێ و ماڵێک بێ عیشق پێک نایە و ئیدی گوێت لە گریانی کەس نابێ و بۆنی کڕوزانەوەی کەس نابیستی. ئیدی شەوانە بەردەوام دەنووسم شەونامەی عاشقێک دەنووسم. تا ئەو ڕۆژەی ڕێم لە هۆنراوەکەی باوکم دەکەوێت ئەو هۆنراوەیەی کە هەرگیز نەمدیوە و نەمخوێندووەتەوە و ناشزانم ناوی چییە. کە خۆمم .!